# دواكەوتەژیری و هۆكارەكانی

**بەشی دووەم**

**بەكوردی كردنی خاڵەبەكر**
bakeramin@hotmail.com

أ.خەوشەكانی مۆخ(ألعیوب ألمخیە):

ئەم خەوشانە لەڕێگەی جیناتەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جەنین هەندێك جار كارلێكردنەكە دەبێتە هۆی گەورەبوونی كاسەی سەر، وەهەندێك جار بچوك بوونەوەی دەماغ و هەندێك جاریش گەورەبوونیGenetic Hydrocephaly–Genetic Microcephaly ، لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین مەبەست لە گەورەبوونی كاسەی سەر وەیان گەورەبوونی دەماغ وەیان بچوكبوونەوەی ئەوە ناگەێنێت كە ئەم دوو دۆخە هەمیشە یەكانگیرن و دواكەوتەژیری لێدەكەوێتەوە

چونكە دوچاربوونی دواكەوتەژیری متمانە دەكاتە سەر ئەوەی تا چ ڕادەیەك تێكچونەكە (تلف) كاریگەری كردۆتە سەر دەماغ، واتە گەورە بوونی كاسەی سەرو قەوارەی دەماغ پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆیان بەدواكەوتەژیریەوەنیە.

ب. كاریگەری پشێوێكان لە پێكهێنانی شانەكانداCellular Dysplasia.

ئەم پشێویەش لە ڕێی جیناتێكی دیاری كراوەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جەنین، وە بەشێوەیەكی گشتی كار دەكاتە سەر ڕێڕەوی پێكهێنان و دروست بوونی خانەكان ، وە بەتایبەتی خانەكانی دەماغ و دواتریش لێكەوتنەوەی دواكەوتەژیری.

وەهەروەها بۆ زانینی زیاتر زانیاری ئەوەی لە بنەڕەتا هەڵگری ئەم( جین)ە بێت ئەوە ناگەێنێت كەئیترنیشانەكانی دواكەوتەژیری پێوەیەو پشێوێكان یەكانگیری دەبێت، ئەمە جگەلەوەی كە هەندێ هەڵتۆقین لە پێستیدا دەردەكەوێت، ئەویش هێندەجێی سەرنج نین و زۆر بەهەندناگیرێن. وەهەندێ جاریش وا ڕێدەكەوێت كەئەو كەسانە ببنە خاوەنی منداڵ و زۆر كاریگەرانە دیاردەكانی پشێوی لەخانەكانی لەش و خانەكانی مێشكیاندا ڕوبدەن و ئەوجا ئاكامی دواكەوتەژیری لێبكەوێتەوە. ج. پشێوێكانی لێكچونی خۆراك یان تێكدان و بنیاتنان.

هەر یەك لە(وایسمان و جیرتسن Waisman Gerritsen&) كەزاناو پسپۆڕن لەبوارەكەدا توانای خۆیان خستە گەڕ سەبارەت بەدەست نیشانكردنی 90 جۆر لەوچەشنە نەخۆشیەو دواتر گەیشتنە ئەو ئەنجامەی كە پشێوی (أضطرابات) دەبێتە هۆی توشبوونی جەنین لەئاكامی چۆنێتی بەكارهێنانی لێكچونی خۆراكەوە، بێگومان ئەم نەخۆشیانەش لەڕێگەی جیناتەوە دەگوێزرێتەوەبۆ جەنین، وەلێ زانایانی كیمیای زیندەیی لەبوارەكەدا توانیان دەست نیشانی ئەو توخم و پێكهاتەكیمیاویانە بكەن كەدەبنەهۆی خولقاندنی شێوەكانی پشێوی جیناتەكان و سەرهەڵدانی هۆكارەكانی دواكەوتەژیری. لێ لەتەك ئەوەشدا پزیشكە تایبەتمەندەكان لەبواری تەندروستی منداڵا لەئامارێكدا توانیان 120 جۆر لەوجۆرە نەخۆشیانە دەست نیشان بكەن كەهۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆهۆی لێكچونی خۆراكەوە،وەهەروەها تا چ ڕادەیەك ئەو خۆراكە پەیوەندیان بەهۆكاری تێكدان و بنیاتنانەوەوە هەیە.وەشێوەی ئەم پشێویە بیۆكیمیاییانە ئەوەناگەێنێت كە ئیتر دواكەوتەژیری هۆكارەكەی لەڕێگەی

بۆماوەییەوەنیە، چونكە دواكەوتەژیری لەئاكامی دروست بوونی پشێوی ڕێژەی بەرابەری تێكدان و بنیاتنانەوەوە دروست دەبێت هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوەبۆچۆنێتی و هەڵكەوتەی جیناتەكەوە، وەهەروەها پەیوەندیەكی پتەوی بەنەمانی ئەنزیمێكی چالاكی دیاریكراوەوە هەیە وەیان پەیوەندیان بەو پشێویەوە هەیە كە پرۆتینات و چەوری و كاربۆهیدرات دەیهێنێتە ئاراوە.

ساراسۆنSarason یش ئەوەمان وەیاد دەهێنێتەوە كەتوێژینەوەكان گەواهیی ئەوەدەدەن كە لە 85٪ی ئەو كەسانەی بەدەست پشێوێكانی لێكچونی خۆراكەوە وەیان ئاڵوگۆڕی تێكدان و بنیاتنانی خانەكانەوە دەناڵێنن دواكەوتەژیریان زۆر بەتوندی پێوەدیارە،وەلە15٪كەشی بەشێوەیەكی مامناوەندی وەیان ساكار دواكەوتەژیریان پێوەدیارە.

گرنگترین پشێوێكانیش ئەمانەن:

1. فینلكتیۆن یۆریا Phenylketonuria یان فینیلبروفیكPhenylpyruvic.
2. ئەمەش پشێویەكی بیوكیمیاویە پەیوەستە بەبوونی ترشەڵۆكی "فینلبیروفیك"ە وە لەمیزی منداڵدا، هۆكاری دروست بوونی پشێویەكەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەترشەڵۆكی Phenylalinine فنیلالینین هیچ گۆڕانكاریەكی بەسەردا نایەت و هەروەكو خۆی دەمێنێتەوە هۆكەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەو ئەنزیمەی كەدەبێتە هۆی هێنانەكایەی گۆڕانكاری بەسەر ترشەڵۆكی فنیلینین دا،پێناسەو ناوزەندكردنی ئەم دۆخ و گۆڕانكاریەش پێی دەوترێت دۆخیPKUچونكە جۆرێكە لەو پشێویانەی كەدەتوانرێت هەر زووبەزوو لەسەرەتادا بەهۆی پشكنین و شیكاریەكی تایبەتی میزەوە بدۆزرێتەوەو دەست نیشان بكرێت .

"وایزمان و جیریستن" لەو بڕوایەدان کەئەم پشێویە لەلێکچواندنی خۆراکدا ڕوودەدات و دواتریش بەسیفەتێکی سست و لاوازو پەی بەجەنین دەبەن، ئەمەش لەکات و بارودۆخێکدا ڕوودەدات کەدایك و باوکەکە پێکەوە هەڵگری جینەکەبن،دواتریش ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە منداڵەکە دووچاری ئەم پشێویە ببێت بە ڕێژەی لە 4:1.

هەروەها Kirk کیرك ئەوەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە ئەم پشێویە توانای چارەسەرکردنی هەیە بەبێ ئەوەی بهێڵێن دواکەوتەژیری لێ بکەوێتەوە یان پەشێوی لە دەماغدا دروست بکات بەمەرجێ پزیشکەکە تواناو دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت زوو بە زوو یان لە سەرەتادا نەخۆشێکەی دەست نیشان کردبێت، ئەمەش لەڕێگەی داڕشتنی بەرنامەی خۆراکەوە کەببێتە هۆی ئەوەی بەربەستێك دروست ببێت تاوەکو بە شێوەیەکی لە بەرچاو ترشەڵۆکی فنیلالینین لە خۆراکی توشبوەکەدا کەم بکاتەوەو نەیهێڵێت، بەم شێوەیەش دەتوانین ئەو پەشێویە بنبڕبکەین و منداڵەکەش ڕێك و پێك و تەندروست بێتە بەرهەم.

2. جالاکتوسیمیاctosemiaGala. ئەمەش جۆرێکی ترە لە پشێویەکان کە بەهۆی لێکچونی خۆراکی کاربۆهیدراتەوە ڕوودەدات. لەم دۆخەدا پشێویەکە خۆی لە لێکچونی خۆراکی "جالاکتۆز"دا دەبینێتەوە. ئەم ڕەوشەش یەکێکە لەو ڕەوشانەی کە تووشبوەکە پشێویەکەی سست و بەزیوی هەلگرتوە، هەر هەمان لێکچونی ڕەوشی پێشوتری هەیەو لە خۆی گرتوەPKU چونکە دەتوانین هەر لەسەرەتاوە ڕەچاوو دەست نیشانی بکەین لە ڕێگەی پشکنین و شیکاری میزەوە، وەهەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی بەرنامەڕێژی خۆراکیشەوە چارەسەر بکرێت بەمەرجێك چیتر توشبوەکە"جالاکتۆز"ی نەدرێترێ بەو مانایەی چیتر شیر نەدرێت بە منداڵەکەو بە خۆراکی تر قەرەبوو بکرێتەوە وەك شیری "سۆیا" MilkSoybean
.

وەئەگەر بێت و هەرزووەکی بەم شێوەیە چارەسەر بگرێت ئەوا بێ گومان نیشانەکانی نەخۆشێکە کەم دەبێتەوە وەیان بەئێجگاری نامێنێت.

3.هۆمۆسیتین یۆریا:Homocytin Uria.

ئەمەش ترشەڵۆکێکە لە خوێن و میزی هەندێ دواکەوتەژیردا دەرکەوتوە، پشێویەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ترشەڵۆکێکی "ئەمینی" کەلێکچونی خۆراك دەیهێنێتەکایەوەو پاشان دەبێتە هۆی دروست بوونی خڕۆکەی سوور لە میزی منداڵەکەدا.

4. جلیکۆجینۆسزGlycogenosis.

ئەمەش جۆرێکی تری پشێویە کە هۆکەی دەگەرێتەوە بۆ لێکچونی خۆراك، دروست بوونی ئەم پشێویەش دەگەڕێتەوە بۆ کرداری "جلیکۆجین"Glycogen و پاشان کەوتنەوەی دواکەوتەژیری.

5. هۆکاری دۆخەکانی ریزیس_ی(RH) وەیان جیاوازی جۆرەکانی خوێن، ئەمەش لە بەر هێندێ بەو ناوەوە ناونرا چونکە جۆرە مەیمونێك هەن بە ناوی "ریزوس"وە ناوزەند دەکرێت هەر بۆ یەکەم جاریش لە خوێنی ئەو مەیمونانەدا دۆزرایەوە، چونکە وەك زانراوە کە لە 85٪ ی خوێنی ئینسان دەمەیێت گەر بێت و تێکەڵ بە خوێنی ئەو جۆرە مەیمونە بکرێت هەمان ڕێژە لە مەییندا ڕەچاو دەکرێت و دەردەکەوێت،وەجۆرە خوێنی ئەم کەسانەش بەجۆری (+R.H) ناودەبرێن وە هەروەها نزیکەی 15٪ ی ئینسانیش خوێنەکەیان نامەیێت وە ئەگەر بێت و خوێنی ئەو جۆرە کەسانەی کە خوێنەکەیان نەمەیێت و تێکەڵ بە خوێنی مەیمونی "ریزوس" بکرێت ئەوا هەر نامەیێت، ئەم جۆرە خوێنەش بە (– R.H)دەناسرێن.

ئەمەی لێرەکانەشدا ڕوودەدات ئەوەیە کە جیاوازیەکانی خوێنی دایك و باوك دەبنە هۆی هێنانەکایەی دواکەوتەژیری چونکە گەر بێت و دایکەکە هەڵگری یان خاوەنی جۆرە خوێنی (–R.H) بێت و باوکەکەش هەڵگرو خاوەنی جۆرەخوێنی (+R.H)بێت و گەر (جەنین)یش لە ڕێگەی باوکیەوە ببێتە خاوەن و هەڵگری جۆرەخوێنی(+R.H)ئەوە بێ گومان خوێنی کۆرپە بنیات نراوەکە "جەنین"جودا دەبێت بە بەراوردکردن لەگەڵ خوێنی دایکەکە کە هەڵگری جۆرەخوێنی (–R.H).

لەم هەل و مەرجەشدا خۆێنی دایك هەڵ دەستێت بە درووست کردن و پێکهێنانی دژوارەخوێن ،بەپێچەوانەی خوێنی "جەنین"ەکە پاشانیش هاتنەئارای هەندێ هۆبەندو سەرهەڵدانی ئەو گێروگرفتانەی کەدەبنە هۆی ئەوەی یان "جەنین"ە کە بمرێت وەیان بەمردوێتی لەدایك ببێت. وەئەگەر بێت و بارودۆخ و هەل و مەرجێك ڕەخساو "جەنین"ەکە بەزیندویی هاتە ژیانەوە، ئەوەبێگومان دووچاری کەم بوونی خوێن دەبێت و ئاکامەکەشی مژدەبەخش نابێت.

وێڕای ئەمانەش گەر بێت و هاتنەئارای ئەو دژە جودابیە خوێنەی کە خوێنی دایکەکە دژ بەخوێنی "جەنین"ەکە درووستی دەکات شێوەیەکی کاریگەر لەخۆبگرێت و بگاتە مێشکی "جەنین"ەکە ئەوا بێ چەندوچوون منداڵەکە دووچاری دواکەوتەژیری و شەلەل و نابینایی دەبێت.

ب.هۆکارە نا جینێکان:Non–Genetic Factors.

گەلێ هۆکاری تر هەن کەکاردەکەنە سەر جەنین لە دەمەدەمی سك پڕیدا، ئەمە وێڕای ئەو هۆکارانەی کە لەوەوپێش لەبارەیانەوە دواین، هەندێ لە پسپۆرو زانایانیش ئەم جۆرە هۆکارانە بەهۆکارەکانی ژینگە"بیئە" ناوزەند دەکەن کە پێش لەدایك بوون ڕوودەدات ، لەبەر ئەوەی کاریگەری ژینگە لە سەر جەنین تەنها بۆ ئەو هۆکارانە ناگەڕێتەوە کە پاش لە دایك بوون ڕوودەدەن، بەڵکو هۆکارەکان لەو ساتەوە سەرهەڵدەدەن کە پیتاندن دەست پێ دەکا.ت و ڕوودەدات.

ئەمانەش گرنگترین هۆکارن سەبارەت بە دەست نیشان کردنی چارەنووس و دوا ڕۆژی "جەنین"ئاولمەکە، چونکە گەر بێت و نائارامی دەروونی هەمیشە یەکانگیری دایکەکە بێت ئەوا بێ گومان کاریگەریەکی ئێجگار ئەوتۆ دەکاتە سەر نەشونمای"جەنین" دواتریش بەتایبەتی کاریگەری دەکاتە سەر کۆئەندامی دەماری"ا لجهاز العصبی".

*

سەرچاوە:التخلف العقلی، د.سلێمان الریحانی،ساڵی 1981 چاپی یەکەم ، ل 59- 63